# Roj A ME

MAGAZINE 2025_2026 NO.11



تێکەڵبوونی فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ ژانرە جیهانییەکان


دەستپێکا میۆزیک و سترانێ ل جیهانێدا

هیپ هۆپ

کەڤنترین ئامێرێ میۆزیکێ

هونەر وەک هاوارێکی نەبیستراو

KURDISTAN



خودانێ ئیمتیاز: دلێر دلێرین

سەرپەرشتێ نڤێسینێ: ئاهورا کوردستانی

سەرنڤێسەر: نوژین عەبدوڵلا

دەستا نڤێسەران: هەلات مزوری، ئاشنا ئەمیر

دەستا ڕاوێژی: ئازاد مزیری، جەیلان ڕۆژبەیانی، داخاز ئەرەدنی

زمانڤان: نەرمین حسێن، نوژین عابد

پێداچوونەوە وتێپچین (هەڵەچن): زۆزان تقی الدین

هونەری: دیاکو خاتۆن، ئاسیا لۆقمان، سانا غەفوری

دیزاینەر: زەهرا سەمەد

وەرگێڕ: سیما گەردی

وێنەگر: دلدار نزار، یوسف مزیری، خەندە ویردی

پارێزەر: ڕیال عەلی قادو، دلین دۆسکی

پەیامنێر: ئالان دۆسکی، سیپەل کوردستانی، بێوار فایێق

ئەرشیف: دلخازغدر، هۆگر دۆسکی

ڕاگەهاندن: جاسم ڕۆژبەیانی، عمران هەرکی، ئیسماعیل عەبدوڵلا

ژمارەی متمانە لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کودستان 851

ڕۆژا مە، گۆڤارا ڕۆشنبیری و نەتەوەیی

تەوەرێ ژمارێ_ هزری و کولتووری و هونەری

GMAIL: rojamemagazine851@gmail.com TL: 0750 7391120

وەرزێ ( 11 ) پایزا _ هاڤینا 8.8.2025

پێرست:

پێشنڤێس: دلێر دلێرین 5
تێکەڵبوونی فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ ژانرە جیهانییەکان: سانا غەفووری 7
دەستپێکا میۆزیك و سترانێ ل جیهانێدا: دلدار نزار 9
هیپ هۆپ: سیما گەردی 11
میۆزیك چارەسەرییا دەروونییە: دەروونناس سەردار بەرواری 13
سترانێت من ئاوێنەیا منن: گوڵ میۆزیك 14
تێکەڵبوونی فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ ژانرە جیهانییەکان: بەهێز عەباس نجم 15
هونەرێ شێوەکاری سیبەرا ڕاستیێ یە: ئادار مامێزدینی 16
چما هونەر ل ڕۆژهەلاتا ناڤین لاوازە!: هەلز ئەتروشی 17
کەڤنترین ئامێرێ میۆزیکێ: گۆڤارا ڕۆژا مە 19
پەیاما هونەرێ: سیپەل کوردستانی 21
فۆلکلۆر و جڤاك: بێوار یونس 23
تەنبۆر: دلین دوسکی 25
حەیران: جاسم ڕۆژبەیانی 27
شمشێری دوودەمی هونەری بیانی: ئاشنا ئەمیر بارزانی 29
هونەرێ ڕادیۆیا کەڤنار و سەردەم: هۆگر دوسکی 31
هونەر وەك هاوارێکی نەبیستراو: ئورفا گەردی 33
ئارام تیکران: یوسف مزیری 37
تابلۆیێت من: سافیا یەشار 39
دەستەیا گۆڤارا ڕۆژا مە 41
The Good Father: نەسرین بامەڕنی 43
وێنەگر: خەندە وێردی 45
ئەوەی لە دیزاینەکەتدا نایبین، ئەوەیە کە جیاوازت دەکات!: ئەندازیار زەهرا سەمەد 49
پیرەژنا مرۆڤ خۆەر: نەرمین حسێن 53

## پێشنڤێس:



دلێر دلێرین _ ل هاڤینا 1.8.2025، پێشەکیا ژمارە ١١ گۆڤارا ڕۆژا مە

**میۆزیك هەستەکێ ددتە مە، کو هەبوون نەشێت بوومە بینت،**
**لێ سەما، مە ب چ تشتی تێناگەهینت!**
**بەلکو ئەو چەند لڤینەکن بۆ بدوماهیك هاتنا کێشەیێن مە...**

میۆزیك مینا ئێکەم ئامرازێ گفتۆگۆیێ، بتەنێ د بێدەنگیا مەدا ئەو دهێتە زمان، ئەو زمانەکە، نە پەیڤ هەنە و نەڕستە! بەلکو هەر کەسەکێ شوبهی خۆە تێدگەهینت. میۆزیك نائاخڤت!، بەلکی بیرهاتنان زیندی دکت و بیرەوەریێ بهێزەك نەسروشتی چالاك دکت.

دیسان میۆزیك، هندەك چیرۆکێن بدوماهیک هاتی زیندی دکت و وەکو ڕۆژەك ئاڤابووی کو جاردن هەلاتنا وێ مەحال، دیمەنەکێ تژی هێڤی دناڤ ڤیانەك دوماهیک هاتی یا بێ خاترخواستن دیزاین دکت، وەکو هەلهاتنا وێ ڕۆژێ یاکو هەمی ڕوویدانێت مە بێن شکەستی ل ڕابردوویدا جاردن لدیڤ داخوازیێن مە د بیرەوەرییێدا وێنەدکت.

د بەدەنا مەدا پایزەکێ زیندی دکت، وسان ئەم هەست دکن، هەمی دویرکەفتن نێزیك دبن و هەمی دوماهیك دستپێدکنڤە و هەستێ خەرییبێ بدوماهیك دئینت. دیساژی ئەو نەبتنێ هەستێ چوون و ژدەستدانێ پێچەوانەدکت!، بەلکی دەمی دزڤڕینت بۆ وان ڕۆژێن بوری بێن وەك ئەڤرۆیەك چووی و تۆ تێدا نە.

کورد وەکو ئێك ژ داهێنەرێن گەلێن هونەری و سترانێ کو ستران دناڤدا ژدایکبوویە ب تایبەتی، بگرە هەر لدەما سەرهلدانا شارستانییەتێن دەستپێکی بێن لسەر ئەڤێ ئاخێ سەرهلداین دەنگێ سترانێ دگەل چیا و دەشت و زۆزانێن کوردستانێ تەڤلی هەڤ بوویە، ئەم دشێین بێژین هەر چیا و دەشت و زۆزان بووینە ئەگەر کو دەنگێ ستران سەرهلبدت و بشێوازەکێ سروشتی پەیڤ و ئاواز بهێنە لسەر زمان و پەسن ب بەژن و باڵ و شۆخ و شەنگان و جوانییا کوردستانێ بهێتە سەر زار و زمان.

ئانکو، ئەگەرێ سەرهلدانا سترانێ دناڤ کورداندا ئەگەرەکێ ژینگەهی و سروشتی بوو، هەر ژبەر هندێ کارتێکرنا هونەرێ کوردی لسەر وەلاتێن دەوروبەر زاڵە، تایبەت ئەگەر ئەم کاریگەرییا ئاواز و میۆزیك و سترانا کوردی دناڤ سترانا تورکی و عەڕەبی بینەدەر، دێ هونەرێ وان مینت.

سانا ڕێبوار غەفوورک




## لە بێدەنگیەوە بۆ دەنگ: چۆن مۆسیقا کاریگەرک لەسەر مێشک دەبێت؟

مۆسیقا زیاترە لە جۆرێک لە هونەر، ئەزموونێکی بەهێزی دەمارەکانە، توێژینەوە زانستییەکان دەریانخستووە کە گوێگرتن لە مۆسیقا بە یەکجار چەندین ناوچەی مێشک چالاک دەکات و کاریگەری لەسەر هەست و بیرەوەری و سەرنج و تەنانەت هەماهەنگی جەستەیی دەبێت. کاتێک گوێ لە ئاوازێکی ئاشنا دەگرین، بە تایبەت ئەو ئاوازەی کە مانای سۆزدارییان هەیە، مێشک هۆرمۆنی (دۆپامین) ئازاد دەکات، واتە ئەو ماددە کیمیاییەی "هەستکردن بە باشی" کە باری دەروونی و پاڵنەرەکان بەرز دەکاتەوە.

هەروەها، مۆسیقا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرزکردنەوەی سەرنج و ئەدای مەعریفی، زۆرێک لە خوێندکاران و پیشەگەرەکان بۆیان دەردەکەوتووە کە مۆسیقای پاشبنەما دەتوانێت تەرکیز و بەرهەمهێنان باشتر بکات، بەتایبەتی کاتێک کە ئامێر یان لە ڕووی ڕیتمەوە یەکدەگرێتەوە. لە ڕاستیدا، هەندێک ژانەر، وەک مۆسیقای کلاسیک یان دیمەنە دەنگییەکانی دەوروبەر، بە هاندانی قۆڵۆنی پێشەوە ناسراوە، ئەو ناوچەیەی مێشک کە بەرپرسە لە بڕیاردان و چارەسەرکردنی کێشەکان.

داهێنانیش لەگەڵ مۆسیقادا گەشە دەکات، ئاوازدانەران و نووسەران و هونەرمەندان زۆرجار پشت بە مۆسیقا دەبەستن بۆ ئەوەی بچنە ناو "دۆخێکی لێشاو"ەوە، واتە ناوچەیەکی دەروونی کە بیرۆکەکان بەبێ ماندووبوون دێن. جگە لەوەش، چارەسەری مۆسیقا زیاتر بەکاردەهێنرێت بۆ پشتگیریکردنی نەخۆشانی تووشبوو بە دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، نەخۆشی ئەلزهایمەر(لەبیرچونەوە) و چاکبوونەوەی جەڵتەی مێشک، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە کاریگەرییەکانی زۆر لە کات بەسەربردن زیاترە.

لە جیهانێکی خێرا و پڕ لە ژاوەژاودا؛ مۆسیقا دەنگی بە مەبەست پێشکەش دەکات، کە پردێکە لە نێوان هەست و دەروون، بێدەنگی و خود، جا چ گۆرانییەکی هەڵپەرکێی کوردی بێت یان گۆرانییەکی جیهانی پۆپی، مۆسیقا ئەوەمان بیردەخاتەوە کە مێشکی مرۆڤ تەنیا گوێی لە دەنگ نییە بەڵکو هەستی پێدەکات.





**وەرگێران: دلدار نزار**

١. کەڤنترین ئامێرێ میۆزیکێ ؟

کەڤنترین ئامێر (ئامراز) میوزیکێ یان ساز، فلۆتێک بووە لە تەقەی هەستخۆر (بەڵگەی کەهنە).

- بەسەرە هێلانەوەی مرۆڤی گەورەی پێش زانستی:
- فلۆتەکان لە هەستخۆر، ٤٠,٠٠٠–٤٣,٠٠٠ ساڵ پێش ئەمڕۆدا دۆزرایەوە.
- ئەمانە لە دەوڵەتی ئەڵمانیا (ئێستا) دۆزرانەوە لە کەنداوێک بە ناوی Hohle Fels.

٢. یەکەمجار ستران و گۆرانی لە کوێ دەستپێکردووە؟

ستراندانی مرۆڤ لە پێش نووسین و سازەکان دەستپێکردووە.

• ئەگەری زۆر هەیە کە مرۆڤ پێش ٥٠,٠٠٠ ساڵ بێ ساز، بە دەنگ، دەستیان کردووە بە گۆرانی و زاراوەی مانادار.

• ئەوەی بە وەستاندنی قۆناغێکی "دەنگی خوێندن" هەڵدەگرێت، لە نێوان مرۆڤانی ناوخۆیی و ئەفریقاییەکان.

٣. سەما بۆ یەکەمجار لە چ وڵاتێک هاتووە؟

سەما و گۆرانی بۆ ئاینییەتی زۆر کۆنە.

• ئەوەی بە تۆمار کراوە گەڕاتەوە بۆ میسری کۆن، سومەریان، و هیندستانی کۆن.

• بە تایبەتی:

• سومەریان (لە عێراقی ئێستا) گۆرانییان هەبووە بۆ خوا و ئاینیەکان ، پێش ٤٠٠٠ ساڵ.

• لە هیندستان و چین، مۆسیقای ئایینی و ڕەسەنیش هەبووە.


• لە یۆنان و ڕۆمی کۆن، سەما و موسیقا بەشێک بوون لە ڕێزگرتن و شایەتی.





وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس

سیما گەردی



## کێ دەستی بە گۆرانی هیپ هۆپ کردووە؟

### دیجی کوول هێرک

کوول هێرک لە ساڵی (١٩٧٣) مێژوویەکی تۆمار کرد، کاتێک خۆی و خوشکەکەی میوانداری "جەم گەڕانەوە بۆ قوتابخانە"یان کرد، لە ژووری کات بەسەربردن لە بینای شووقەکانیان لە برۆنکس لە (١٥٢٠) سێدگویک ئەڤینۆ. ئەم پارتە مێژووییە بە دەستپێکردنی بزووتنەوەی هیپ هۆپ ناسراوە.

**کوول هێرک و کۆك لا ڕۆک یەکەم ڕاپەر بوون کە کاریان تیادا کرد.** لا ڕۆک لە ٢٤ی نیسانی (١٩٥٥) لە شاری برۆنکس لە شاری نیویۆرک لەدایکبووە و ڕەگ و ڕیشەی خێزانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کارۆلینای باکوور. و کۆک لا ڕۆک هاوڕێ و هاوبەشی مۆسیقای دیجیی کوول هێرک بووە، کە خۆی بەگشتی وا دادەنرێت کە لە ساڵی (١٩٧٣)ەوە بناغەی مۆسیقای هیپ هۆپی داناوە.

### سەرەتای هیپ هۆپ!

سەرەتای حەفتاکان بوو و کاتەکان لە ئاسایی سەختتر بوو بۆ ناوچە هەژارەکانی ئەمریکای شارستانی، لە زۆرێک لە هیچەوە و زۆرێک لە خەیاڵەوە، هیپ هۆپ فۆرمێکی وەرگرت. دیجیی کوول هێرک شانازیی بەوە دەکرێت کە سویچی فڕێدا لە ئاهەنگێکی سەمای مانگی ئابی ساڵی **(١٩٧٣).**





چارەسەرى برێکا موزیکێ (Music Therapy) دهێتە زانین کو چارەسەرییا ب موزیکێ دهێتە کار ئینان ب ڕێکا کەسانێن تایبەتمەند ئەڤ ڕێکە دهێت کار ئینان گەل کەسانێن توشی تێکچونێت دلدارى و زانین و جڤاکی دبن دهێت، برێکا گوهلێبونا موزیکێ یان گوهداریا سترانا گەلەک ژوان دەما گوهدارییێ دکەن ئارام دبن ئو بەرەف باشیێ دچن. تایبەت ئەو کەسێ موزیکێ بژەنیت پتر ئارام دبیت ئو وان خەما ژبیرڤە دبەت ئو هەستەکێ ئارام لدەڤ وانا پەیدا دبیت. ئەڤ ڕێکە دکەڤندا دهاتە بکارئینان ئو دگەل هندەک چارەسەرییێت دی تایبەت ئەڤ ڕێکە پشتی شەڕێ جیهانییێ دوویێ هاتە بکارئینان، موزیکژەنان سەردانا نەخوشخانا دکر ئو میۆزیک بو نەخوشا دژەنی و نەخوش گەلەک ئارام دبوون، ئو ئێش و ئازارێت وانا سەر سڤک دبون، ژلایێ دەروونی و جەستەیی ڤە، تایبەت دەما تاکەکەس توشی تومایێت دلدارى دبوون، هندەک تێکچوون یان نەخوش کو برێکا موزیکێ دهێن چارەسەرکرن.



ئۆتیزم؛

لڤینا زێدە و کێم وەرگرتن (ADHD)

ئاریشێن رەفتارى.

بێ خەوى یان خەوا زەحمەت،

تێکچونا پشتی تراومایێ(PTSD)

دەروونناس و چالاکڤان

سەردار بەروارى

## سترانێت من، ئاوێنەیا ژیانا من یا ڕۆژانەیە..

**کچا هونەرمەند/ گول میۆزیک**

هونەر لدەڤ من ڕحە، دگەل پەیدابوونا من لنك من هەبوویە، لدەمێ ئەز زارۆك من دڤیا ئەز گیانێ خۆە یێ هونەری بکم ستران و دەربڕم، لەوڕان ڕۆژانە من بۆ دەوروبەری دگۆتن.

ئێکەم ئامێرێ میۆزیکی یێ من ژەنی گیتار بوو، لێ ژبەرکو جڤاك هونەرێ ب دیتنەك نەرێنی دبینیت، من ب نهێنی د مالدا گیتار د ژەنی، چنکی ئەگەر دمالدا گیتار لدەڤ من هاتبا دیتن، ڕەنگە ژبەر هندەك تێگەهێن شاشێن جڤاکی شکاندبان.

دیسان ل سالا (٢٠١٢)یێ من ئێکەم بەرهەمێ خوە تومارکر، لێ هەر من نەشیا ل وی دەمی ژبەر ژینگەها ئەز تێدا دژیم بەلاڤبکم، لێ ب بورینا دەمی پشتی من شیایی خوە ژ قەید و باسکێت جڤاکی ڕزگاربکم، تازە ئەز دکارم بەردەوامیێ بدم هونەرێ خوە و پێنگاڤەکێ بەرەڤ پێشڤە پاڤێم.




ژبەرهەمێن من یێن تا نها هاتین تومارکرن ل سەر دەیکێ:

١- گۆڤەر.

٢-دایکا من چوو.

سترانێت من هەر ڕەنگڤەدانا ژیانا من یا ڕۆژانەیە..



## تێکەڵبوونی فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ ژانرە جیهانییەکان..

بەهێز عەباس نجم

مۆسیقای کوردی لەگەڵ جیهان ئاشنا دەبێت!

بیهێنە بەرچاوت دەنگی ڕۆحی فۆلکلۆری کوردی تێکەڵ بە جاز، ڕۆک، یان بیتی ئەلیکترۆنی بکەیت، ئەم تێکەڵبوونە کلتوورەکەمان لەسەر شانۆیەکی جیهانی پیشان دەدات، دەیسەلمێنێت کە نەریت و داهێنان دەتوانێت شتێکی ئەفسوناوی دروست بکات.

لە دیمانەیەك لەگەڵ ژەنیار و هاوڕێمان (بەهێز عەباس) کە ژەنیاری ئامێری ساکسەفۆنە و خاوەنی گرووپی «١٢ جاز»ە، کە پێکهاتووە لە ١٢ ژەنیار، ئەم تێکەڵاوییەی جاز و میۆزیکی فۆلکلۆری کوردیمان بە تەواوی پێنیشان دەدات، کە چۆن میۆزیکی کوردی دەتوانێت ببێت بە ژانـەرێکی جیهانی بە تێکەڵ بوونی لەگەڵ میۆزیکی جیهانی، لێرە دا پێویستە ئاماژە بەوەش بدەم کە ناوی گرووپی «١٢ جاز» لە داستانی «١٢ سوارەی مەریوان» وەرگیراوە.

بەهێز گوتی: " ئێمە بە ١٢ ژەنیار توانیمان کارێك بکەین کە جیاوازتر بوو، لە هەموو ئەو کارانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێشتر کراوە لە بواری ناساندنی کلتوور، تەواوی میۆزیکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییمان بەیەکەوە بەستەوە بەبێ هیچ وەستانێك تا کۆتایی بۆ ماوەی یەك کاتژمێر هەموو کلتووری ناوچەکانی کوردستان و شێوازی جازی ئازادمان پێشکەش کرد."

دەرئەنجامی ئەم کۆنسێرتە بچووکە ئەوە بوو؛ «١٢ جاز» دروست بوو، کە لە تەواوی کوردستان (٧) کۆنسێرتی گەورە و ئاست بەرز پێشکەش کران، هەروەها (٣) کۆنسێرتی زۆر گرینگ لە وڵاتی ئەڵمانیا و لە شارە جیاوازەکان پێشکەش کران، بە نوێنەرایەتیی کوردستان، پێناسەی هونەر و میۆزیکی کوردیمان کرد.

| هونەرێ شێوەکاریی سیبەرا ڕاستیێ یە، ئەو ڕاستیا هێشتا ڕووینەداى! |





ڕۆژنامەڤان و شێوەکار


هەلز ئەترۆشی

## چما هونەر ل ڕۆژهەلاتا ناڤین لاوازە ؟!

هەر وەلاتەکێ جیهانی ب هونەرەکێ تایبەت ناڤدارە..

هونەر ئەوە یا گیانێ وی وەلاتێ ئەو لێ هاتیە بەرهەم ئینان هێلای زیندی، ژ کەڤندا و ل چەرخێن بوریدا بتایبەتی هونەر ب ناڤێن وەلاتاندا دهاتنە بناڤکرن، بەلێ ب شێوەکێ کێم ل ڕۆژهەلاتا ناڤیندا ڕوڵ هەبوو، ئەوژی بو هندێ دزڤریت هەردەم شەڕ هەبووینە و هەژاری د کەڤتە ناڤ ڕەوشا دەڤەرێ دا و دبو ڕێگر پێدڤیێن هونەری و دلەکێ هونەری هەبیت. بەلێ یا سەرنجا من ڕاکێشای ئەم وەک گەلێ کورد بسەر ڕۆژهەلاتا ناڤین ڤە ناچیت بو لایەنێ هونەری، بەروڤاژی مە پالپشتییا ئازادی و ژیانەکا ئارام هەیە، ژبەر کو ژ خالێن گرنگن ژبۆی هونەرمەندی، هەر دیسانژی، ئەز وەک ئافرەتەکا کورد دبینم تا چ ڕادە مە هونەرمەندێن خودان شیان هەنە ب ڕێژەکا زور و ئەڤەژی بومە گەلێ کورد شانازییە، ژبەرکو هونەرە یا ڕەنگان ددەتە ژیانێ و ڕۆحا گەلێ خوە دهێلیت زیندی.





گەلەک بەری هەبوونا ڕادیۆ، ئەپ و نڤیسینێ، میۆزیک هەبوو. و مرۆڤان هزاران سال بەریا نۆکە دەست ب دروستکرنا میۆزیکێ کرینە. ب چەپلەلێدانێ، لێکدانا بەرا، و دروستکرنا دەنگێن سروشتی وەک ڕیتمان. ئەڤە ڕێکا ئێکێ بوو کو مرۆڤان هەستێن خوە دەربڕین، چیرۆکێن خوە ڤەدگێران، و پەیوەندی دگەل ئێکدو دکرن.





کەڤنترین ئامێرێ میۆزیکێ؛ فلوتە (شمشاڵ)، کو ژ هەستیێ باڵندەیەکی هاتیە چێکرن. ئەڤ ئامێرە ل ئەڵمانیا هاتیە دیتن و ژیێ وێ پتر ژ (٤٠.٠٠٠) ساڵانە، ئەڤ چەندەژی پەیوەندییا کویر د ناڤبەرا میۆزیک و ژیانا مرۆڤی'دا نیشان ددەت.



دگەل پێشکەفتنا کلتووران، پتر ئامێرێن میۆزیکێ هاتنە دروستکرن. ل ئەفریقا و ئاسیا، خەلکی پیستێ گیانەوەران بۆ دروستکرنا دەهۆڵ و ئامیرێن لێدانێ (پەرکاشن) بکار دئینان. ل ڕۆژهەلاتا ناڤین و ئەوروپا، ئامێرێن ژێدار وەک قیسارە (هارپ) و لیرا پەیدا بوون. فلوت، بلور، زەنگل و خرخالک ژ بامبۆ، کانزا، و هەستیان دهاتنە چێکرن. هەر هەرێمەکێ دەنگێن خوە یێن تایبەت پێش ئێخستن.





پشتی دەمەکێ درێژ، میۆزیک پتر رێکخستی بوو و یۆنانیێن کەڤن یاسایێن میۆزیکێ دانان، و ل ئەوروپا، کۆرسێن ستران گۆتنێ و نۆتێن میۆزیکێ هاتنە پێشڤەبرن. هاتنا (پیانۆ، کەمان، و ئۆرگ)ێ د سەدێن ١٧ و ١٨ دا بوویە ئەگەرێ ژ دایکبوونا میۆزیکا کلاسیک، و ناڤێن وەک مۆزارت و بێتهۆڤن بناڤ و دەنگ کر.

د سەدێ ٢٠ـێ دا، کارەبێ هەمی تشت گوهارتن، جۆرێن نوی یێن وەک جاز، رۆک، و هیپ هۆپ دەرکەفتن، کو ئامێرێن کەڤن دگەل دەنگێن دیجیتاڵ تێکەل دکرن. ئەڤرۆ، مۆزیک هەمی جیهانێ پێکڤە گرێددەت، ب رێکا بیستۆکان (هێدفۆنان)، کۆنسێرتان، و تۆرێن جڤاکی، ژ فلوتێن کەڤنار هەتا ئامێرێن مۆدێرن، میۆزیک هەرتم پشکەکا ژیانی یا گرنگ ژ ژیانا مرۆڤی بوویە. ئەو بتنێ دەنگ نینە، بەلکی هەستە و چاندە و پەیوەندییە.



هونەر
پەیامەکا خوەشی بەخشی و
ئارامی یا
مرۆڤایەتی و سروشتییە..

چالاکڤان و ڕۆژنامەڤان
سیپەل کوردستانی

هونەر؛ پەیامەکا خوشی بەخشیێ یە، ژبۆی مروڤی ، ڕووەک و گیانەوەرا و پراپەیوەندییێ یە دناڤبەرا میللەتاندا، کوبشێن هەڤنیاسین و هەڤپەیوەندییێ دگەلێکدا بکەن ژبۆی ڤەگوهاستنا داب ونەرێت و کلتوور و شیانێن چڤاکی ب ڕێکا فلمێن سینەمایی وشانو و سەما و ستران وشاهی وگوڤەندا..هتد، ژبۆی سەلماندنا ڤێ پێناسەیا کورت ئەوا مە لسەری دایەد یارکرن، دێ تیپا (دهوك) یاهونەرێ میللی کەینە نموونە ئەڤ تیپە ل سالا (١٩٩٧) هاتیە دامەزراندن.

تیپا (دهۆك) یا هونەرێ میللی ل سالا (١٩٩٧) بشێوەکێ فەرمی هاتیە دامەزراندن، تیپا دهوك یا هونەرێ یمللی سەر ب وەزارەتا ڕەوشەنبیری و لاوان/ ڕێڤەبەریا گشتی یا ڕەوشەنبیری و هونەرییا دهوك ڤەیە. و تیپا دهوك ژ گەنجێن پارێزگەها دهوکێ نە ژ ڕەگەزێن کور و کچ و زێدەباری چەندین میۆزیکژەنا ، ئەڤ تیپە شیایە چەندین کارێن هونەرێ میللی ( تابلو و پانۆراما ) بەرهەم بینیت، و بناڤێن تابلوێن هونەرێ میللی (زەمبیل فرۆش ، هەڤڕکی، سەما و ڤیان، چوخو، چارۆکێ ، شڤان و بێری، گولبهار، مەم وزین، مامر، پێکڤەژیان، شاهی، سەمایا پێشمەرگەی، صەلیب، شوشلە، دیلانێن کوردی، سویدی بیانی و دناڤا داستانا کوردستانێ دا تابلوییێن ڕیتوەلێن کوردی، ئەیلول، گولان، ژ دایکبوون، تەعزیب، سرودا داستانێ مەوکبێ سەلاحەدین). هەردیسانژی، پانۆرامایێن هونەری بناڤێ (شنگال، ئەنفال، ئاخ، نیشتیمان، برینا بێ خوین، ژنێن کورد، ئەفسانەیە پێکڤەژیانی، نزای نشتیمانی).

زێدەتر، برێکا ڤان تابلو و پانۆرامان، بەشداری چەندین فێستیڤاڵ و کۆنفڕانسێن نافخو و نێڤدەوڵەتی بوینە ل عێڕاقێ سەرانسەرێ هەرێما کوردستانێ وەلاتێن بیانێ مینا (فرنسا، ئیسپانیا، کوریا باشوور، ئوردن، سیربیا، ئێران، تورکیا )، ئەڤ تیپە ژبەر کارێن وێ یێن هونەری و سەرنجڕاکێش شیاینە ببنە جهێ هندێ کو گەنجێن کورد کو زێدەتر بەرەف هونەرێ سەمایێ ڤە بهێن د نوکەدا (سی ڤی CV)ییێن چەندین کچ و کوڕێن دهوکێ لدەف مە هەنە، ژبەر هندێ کو هندێ حەز دکەن بهێنە دناڤا کارێن هونەری یێن تیپا دهوك یا هونەرێ میللی ئەڤەژی وێ چەندێ دگەهینت، کو مە شیایە ئارمانجا سەرەکە یا تیپا دهوك بگەهینین، کو ئارمانج لێ پاراستن و زەنگین کرنا کلتوورێ کوردی بگشتی و یێ بەهدینی تایبەتی بوویە.

## فۆلکلۆر و جڤاك د چ ڕەوشداییە؟!

چالاکڤان/ بێوار یونس

یا خۆیاییە زۆربەیا وەلاتێن جیهانێ؛ خەلکێ وان شانازییەکا گەلەك مەزن ب فۆلکلۆر و کلتووریێ وەلاتێ خوە دبن و بەرز و بلند ڕادگرن و ناهێلن تیتالێن وان ژناڤ بچن.

بەلکو، شەڕێ هندێ دکن کۆ هەردەم زیندی بهێلن، لێ دا ئەم تەماشەی ڕەوشا فۆلکلۆرو کەلەپووریێ خوە بکین دناڤ جڤاکێ نهادا و بوچی؟.

ئەم گەلەك خەمسارین بەرامبەر فۆلکلۆر و کەلەپووریێ ژ باب و کالان بومە مایی؛ ئەڤ فۆلکلۆریێ هند دەولەمەندیا هەی، هەتا ئەم ل هەمی جیهانێ پێ دهێنە ناسین،

بۆچی زۆربەیا گەنجێن نها ب چاڤەکێ کێم تەماشەی هونەری دکن!، ئەگەر ئەم بهێن چەندەکێ بهێنە سەر باس ل سترانا فۆلکلۆری یان چیرۆك یان سەرهاتی و..هتد.









پارێزەر و چالاكڤان: دلین دوسكی



تەنبۆر ئێك ژكەڤنترین ئامێرێ میۆزیكێ یە ل ڕۆژهەلاتا ناڤین،

و دناڤ كورداندا ب تایبەتی ل هەرێما كوردستانێ

كارگەرییەك مەزن هەیە لسەر هۆنەرێ سترانا ئاینی یێن ئۆلا (ئێزدی و سۆفی).

دناڤ دەستڤێسێن کەڤنارێن ئاشووری و میدی'دا، گەلەك جاران ب واتەیا خومدێ یان مرۆڤایەتی دهێتە زمان.

ل دەڤەرا بەهدینان، ژەنینا تەنبۆرێ دهێتە بیستن دناڤ سترانێن کەڤناردا مینا سترانێن گۆڤەند و شێۆرمەندی.

دەنگێ تەنبۆرێ؛ دهێتە ناساندن ب دەنگێ دلێ مرۆڤی و هەر وەکی ل گۆهداریکرنێدا گۆهداری دئینتە سەر هش و خەیالەك د کەتۆارێ نەی و نەبیهستی.

تەنبۆر د سەردەمێن نوودا یا جێوازە ژ ڕابردووی، ژبەرکو دنهادا هەستدارێن وێ زێدەتر بوونە و چەندین فێرگەهێن تازە هاتنە دامەزراندن ژبۆ خۆلێت فێرسازیا تەنبۆرێ.

ئەم دشێن بێژن ئەگەر سترانەکێ دەنگێ ژەنینا تەنبۆرێ نەهێتە بیستن چێژا سترانا ڕەسەنا کوردی دناڤدا کێمترە ژ یێن تێدا دهێتە بکارئینان.



حەیران گۆرانییەکی کۆنی کوردییە کە زۆرجار لە دەروون وهەستە قەسەوتەکان دەردەبڕێت.

جاسم ڕۆژبەیانی
چالاکوان

حەیران یان لاوکی کوردی..

بنەمای مێژوویی:

حەیران گۆرانییەکی کۆنی کوردییە، کە زۆرجار لە دەروون و هەستە قەسەوتەکان دەردەبڕێت.

لە مێژوودا کوردان بەهۆی:

_ دابەش بوونی خاک لە نێوان چوار وڵاتدا.

_ جەنگە هەموو کاتەییەکان.

_ قەدەغەکردنی زمان و کلتوور و فەرهەنگ.

_ ناڕەوا و ئەستەمە سیاسی و ئابووری.

_ دەستکوژراوی ئاشتی و ئەرکی کلتووری.

هەستێکی بەهێز لە دڵتەنگی و مەلانە تێدا درووست بووە. مەلانە وەکو لاوندنەوەی حەیران بەدەنگی حەیران بێژان، زۆرجار حەیرانبێژمان هەبووە تا بەر پەتی سێدارە ڕوشتووە و دەسبەرداری حەیران نەبووە. بۆیە حەیران گرنگیەکی زۆری هەیە لە کومەڵگای کوردی.

**تایبەتمەندی فەرهەنگی:**

حەیران زۆرجار دەبێتە دەربڕینی کەسایەتیی کوردی لە ناو ئەدەب، وەک ئەوەی:

ئەشقی ناتەواوی (خۆشەویستییەکانی کە بەپایە ناهێنن)، دووربوون لە خاک و خێزان، نەبوونی ئازادی، بۆیە زۆر حەیرانان لە وێنە و مەسەلی قەسومتی ژیان پڕن.

**شێوەی دەربڕین:**

دەکرێت بە شێوەی گۆرانی یان شێعر، زۆرجار بە دەنگی نەرمی سەقامگیری و بە سەرنجی زۆر دەخوێندرێت. و دەربڕینی هەستەکاندا بە شێوەیەکی ڕەهەندی و هەڵگەرتووە، بۆ ئەوەی ئەو مەلەنە و قەسەوتە گەیشن بکاتە گوێگرت. واتا ئیستاش لە پارچەی کوردستان حەیران بوونی هەیە و بەردوامە.

**لاوک و بنەمای مێژوویی:**

لاوک جۆرێکی تر لە گۆرانیی کوردییە، بەڵام بنەمای هەستیش جیاوازە لە حەیران. لاوکەکان زۆرجار بە خۆشەویستی، سەیرمتی ژیان، هەروەها، هەڵسەنگاندنی دەروونی نەتەوەیی پەیوەندیدارن. مێژوویان بەکەسایەتی کۆمەڵایەتی دانیشتنی کوردی پەیوەندی دەدات و دەخوێندرێنەوە لە ماوەی کار و ڕێوەڕەوی ژیان بەکارهاتن، بۆ خوشگوزەرانی،هاوڕێی و ئاویژەی دڵ و یارانن.

**تایبەتمەندی فەرهەنگی:**

لاوک زۆرجار شاد و سەیرمتییە، هەتا ئەگەر لەسەر ئاشق و خۆشەویستی بێت، تێدا ئاشاوەی سەیر و هەواڵی خۆش هەیە.

دەکرێت ئەم جۆر گۆرانییە بکرێتە هۆی:

بەهێزکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی و فەرهەنگی گۆرانی لێدان و هەڵپەڕکێ.

شێوەی دەربڕین:

دەکرێت بە دەنگی بەرز، ڕەهەندێکی شاد، و ئەکتەری جار لەگەڵ دۆڵ و زێرنا بێت. ئەوەی سەیرە و هەست بە شادمانییەکانی کۆمەڵایەتی دەدات. بۆیە لاوک هاوش حەیران بەردوامە لە نێو عورف و عادەتی کورد و کوردەواری، زۆر جار هونەرمەندانی بیانی لە ڕۆژئاوا، و لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، سوود لە حەیران و لاوک و گۆرانی و و شعری کوردی دەبینن، میللەتی کورد زەنگێنە بە ئەدەب و کلتوور و هەموو باگراوندێکی هونەری، پێویستە لە سەر ئێمە نەهێڵین ئەو هەموو جوانیەی کوردی لەناو بچێت و بنبڕ بکریت!





# شمشێری دوودەمی هونەری بیانی و پاراستنی شوناسی هونەری کوردی..

ئاشنا ئەمیر بارزانی
چالاکوان و ڕۆژنامەنووس

لە جیهانێکدا؛ کە تا دێت جیهانگیری زیاتر خۆی دەسەپێنێت بە هۆی کرانەوەی نەتەوەکان بە ڕووی یەکتردا، میدیا و ئاسانکاری هێڵەکانی پەیوەندی، کاریگەرییەکی زۆر توندی هەبووە لەسەر هونەری کوردی و ئەم پرسەش جێی هزرینە. لە کاتێکدا کە ئاڵوگۆڕی کلتووری و داهێنان دەتوانێت سوودی زۆر بهێنێتە ئاراوە، هونەرمەندانی کورد لە پاراستنی شوناسی کولتووری خۆیاندا ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر دەبنەوە بە هۆی ئەمەوە.

نووسەران گرنگە تێڕامان و نووسین چڕبکەنەوە، سەبارەت بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی هونەری بیانی لەسەر هونەری کوردی و ستراتیژییەکانی کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنیەکان، کە دەبنە هۆی شێواندنی شوناسی هونەریمان. لێرەدا سەرنج دەخەینە سەر ئالنگاریەکانی بەردەم ڕەسەن مانەوەی هونەری کوردی بە هۆی جیهانگیرییەوە، کە وەرگرتنی تەکنیک و میدیای ڕۆژئاوایی دەتوانێت ببێتە هۆی شلبوونەوەی فۆرمەکانی هونەری نەریتی کوردی و کەمتر جیاواز و ڕەسەنایەتییان تێدا بەدی بکرێت.

جگە لەوەش، بەرەوپێشبردنی جیهانی هونەری کوردی دەتوانێت ببێتە هۆی یەکسانبوونی کلتووری، چونکە ڕەنگە هونەرمەندان هەست بە فشار بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەوتی هونەری جیهانیدا بگونجێت. هەروەها


دەتوانێ پارە و پاڵپشتی دەرەکی بە تارەوە بێت کە ئازادی داهێنەرانەی هونەرمەندانی کورد سنووردار بکات و کاریگەری لەسەر جۆری ئەو هونەرە دروست بکات کە بەرهەمی دەهێنن. سەرەڕای ئەوەش، ڕەنگە هونەرمەندانی کورد ڕووبەڕووی سانسۆر و سنووردارکردنی کارەکانیان ببنەوە، بەتایبەتی ئەگەر دەست بخاتە سەر بابەتگەلێکی هەستیاری وەک سیاسەت یان ناسنامەی کولتووری. بۆ پاراستنی ناسنامەی هونەری کوردی و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی هونەری بیانی، زۆر گرنگە پاڵپشتی و پێشخستنی هونەری کوردی کە لەگەڵ میراتی کولتووری بکرێت.

ئەمەش دەتوانرێت لە ڕێگەی:

* دۆکیۆمێنتکردنی هونەری کوردی: هەوڵدان بۆ بەڵگەنامەکردن و پاراستنی هونەری کوردی، هاوشێوەی مۆزەخانەی قوماشی کوردی، یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی میراتی کولتووری گەلی کورد. بە ئەرشیفکردن و نمایشکردنی هونەری نەریتی کوردی، دەتوانین دڵنیابین لەوەی کە نەوەکانی داهاتوو دەستیان بەو میراتە دەوڵەمەندە کولتوورییە بگات.

* بەرەوپێشبردنی هونەرمەندانی کورد: ئەو دەستپێشخەرییانەی کە هونەری کورد و کارەکانیان بەرەوپێش دەبەن، لەگەڵ ڕێزگرتن لە ناسنامەی کولتوورییان، دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ پاراستنی تایبەتمەندی هونەری کوردی. بە دابینکردنی سەکۆ بۆ هونەرمەندانی کورد بۆ نمایشکردنی کارەکانیان، دەتوانین تێگەیشتن و پێزانینی کولتووری بەرەوپێش ببەین.

* پشتیوانی لە ئازادی هونەری کوردی: دابینکردنی بودجە و پاڵپشتی، کە ڕێز لە ئازادی هونەرمەندانی کورد بگرێت، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی کارەکانیان بە ڕەسەنایەتی و ڕاستگۆیی لەگەڵ میراتی کلتووری خۆیان بمێننەوە. بەپێدانی ئازادی بە هونەرمەندان بۆ دەربڕینی خۆیان، دەتوانین پارێزگاری لە هونەری خۆماڵی بکەین.



پێشنیارەکان

- زیادکردنی بودجە بۆ ئەو دەستپێشخەریانەی کە هونەری کوردی دۆکیۆمێنت دەکەن و دەیپارێزن.

- دابینکردنی پلاتفۆرم بۆ هونەرمەندانی کورد بۆ نمایشکردنی کارەکانیان، لە هەمان کاتدا، ڕێزگرتن لە ناسنامەی کولتووری خۆیان.

- پشتیوانی لە ئازادی هونەری و داهێنان لە هونەری کوردیدا.

- هاندانی بەرنامەکانی ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری کە پەرە بە لێکتێگەیشتن و ڕێزگرتنی یەکتر لە نێوان هونەرمەندانی کورد و جیهانی دەدات.

بە گرتنەبەری ئەم هەنگاوانە دەتوانین یارمەتیدەر بین بۆ پاراستنی شوناسی کولتووری ناوازەی هونەری کوردی و دەستەبەرکردنی بەردەوامییەکەی لە سەردەمی جیهانگیری.

# هونەر و ڕادیۆیا کەڤنار و سەردەم...

چالاکڤان/ هۆگر موحەمەد

ڕادیۆیا کوردی؛ دەستپێکا وێ هەر پەیوەندیداربوویە ب سەرهلدانا شۆڕەشێن کوردی. ئانکو پەیام و سترانێت سیاسی تێدا دهاتنە پەخش کرن.

ئەو ستران و هۆزانە بتام و چێژا کوردبوونێ و نەتەوایەتیێ بوو، ددەمێن کەڤنار و بوریدا کوردان لدەما گوهدارییا ڕادیۆیێ دکر، پترییا وان تا نهاژی ئەو دەنگە د گوهێن واندا ماینە وەك یادگاری و جارناژی ژبۆ نەوەیێ تازە دئینن زمان.

لەوڕان نەوەیێ زێڕین؛ ل سەردەمێن شۆڕەشێ و تانها شیایینە وان بەرنامە و پەیامێن ل وان دەماندە دهاتنە دەرێخستن هەمیێ ژبەربکن و ئەڤرۆ ژبۆ مە ڕابگەهینن.

بەلێ هەر دیسانژی، ڕادیۆیا کوردی د ئەڤی سەردەمیدە نەبتنێ ژ قۆناخێن ناڤەڕۆکی و سیاسی هاتییە گوهەڕتن!

بەلکو بوویە دەنگ و ڕەنگ و پتری جاران بشێوەیێ پۆدکاست دەردکەفتە هۆڵێ و بینەرێ ڕادیۆیا نها یا کوردی هەم دەنگ و ڕەنگ دبیهست و دبینت.

لەوڕان بابەت و مژارێن نها یێن ڕادیۆیا کوردی، هەر ئەو مژارن یێن دگەل دەنگێ ڕادیۆیا جیهانگیریێ دهێتە بیستن.

گۆهدارێن ڕادیۆییێ چ تشتی نابینن!

بەلێ ب گوهلێبوونێ سەدان وێنان دئافرینن..



تۆ! من نابینی، بەلێ من هاشتە هەیە و دزانم چ دزانی دەربارەی من.

ب چاڤان لمن نەگەڕە، ژبەرکو نەدەستکردم!

بەلکی، هەتاکو تۆ بگەهی من، لمن بگەهە!



چالاکوان و نووسەر

ئۆرفا گەردی

**هونەر وەک هاوارێکی نەبیستراو، سایکۆلۆژیا پەردە لەسەر نهێنییەکانی هونەر لادەبات!**

**پێشەکی:**

بەر لە ( ٧٠.٠٠٠) ساڵ، مرۆڤی ژیر بۆ دەربڕینی هەست و سۆزەکانی، یاخود ئاماژە و ئامانجەکانی دەستی کرد بە دۆزینەوەی ڕێگاییێک کە ئاسان بێت بۆ تێگەیشتن، و ئاساوارەکەشی وون نەبێت زیاتر بمێنێتەوە، بۆیە وێنەکێشان لەسەر دیوارەکانی ئەشکەوت و بەردەکان کرا بە ئامرازی لەیەک گەیشتنی مرۆڤەکان،سەرەتا بە دروستکردنی وێنەی (ڕێگای ئەشکەوت، ڕێگای ڕووبار، کانی، نێچیر، خواردنەکانیان) لە لایەکی دیکەشەوە بۆ دەربرینی غەمگینی و بێزاری بەکارهاتووە، یاخود بانگکردنی ڕۆحەکان و پەیوەندی لەگەڵ خوداکان، لێرەشدا ئاشکرایە هەر لە سەرەتادا هەست و ئامانج و دەربرینەکانی هونەرمەند یاخود وینەکێش لە کارەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە هونەری وێنەکێشان دەکرێت وەک ڕێگاییێک بۆ چارەسەری دەروونی، دەرخستنی ئالۆزی، گرفتە دەروونییەکان بەکاربێت، لەژێر ناونیشان و چەتری (سایکۆلۆژیایی هونەر) کە ئەرکی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیە لە بینین، وەرگرتن، خەسڵەتەکانی هونەر و بەرهەمهێنانی.

ئەم پەیوەندییەی نێوان سایکۆلۆژیا و هونەر دەگەڕێتەوە سەردەمی کاتارسیس کە ١٠٠٠ ساڵ پێش ئێستایە، بەلام کارپێکردن بە سایکۆلۆژیای هونەر لە فرۆیدەوە سەری هەڵداوە کە لە دەروونشیکاریدا سوودی زۆری هەبووە.

- سایکۆلۆژیا: بریتیە لە هەوڵی تێگەیشتن، شیکردنەوەو لێکدانەوە لە دەروون، هزر و ڕەفتاری مرۆڤ و ئاژەڵ دەکات، لەڕێگەی بەهەند وەرگرتنی هۆکارە دەرەکی و ناوەکییەکان و ئەو ژینگەیی تێیدا دەژین.

- هونەر: بەگشتی واتا دەربرینی مانا، بەها، هەست و بیرەکانی خۆی لەڕێگەیەکی جوان و بەکارهێنانی نەخشەڕێگا، هاوکات، تەکنینی جیاواز، تاوەکو ئەو بەرهەمەی دروستی دەکەن وابکات کەسانی دیکە بیربکەنەوە، هەستێک لایان دروستبێت، ماناییێک بدات بەدەستەوە بۆیان و کاریگەری لەڕووی سۆزداریەوە دروست بکات.

- سایکۆلۆژیای هونەر: گرینگی دەدات بە توانای وەرگرتنی هزری، چۆنیەتی بیرکردنەوە، تێگەیشتن، دەربڕینی هەست لەکارە هونەرییەکان. و لە دەروونزانی'دا وێنەکێشان تەنها کارێکی هونەری نیە بەڵکو جۆرێکە لە زمان، بەڵام زمانێکی وێنەیی( visual language) کە بە ناراستەوخۆیی کەسەکان هەست و بیرەکانیان دەردەخەن، ئەو شتانەی کە قسەکردن بۆیان سەختە، دەکرێت بە ڕەنگ و شێوە بگوترێن و ببێتە هاوارێک بۆ بیستن.

بە پرسیارێک بابەتەکەتان بۆ دەوروژێنم و باسدەکەم کە مەبەستم لە هاوارێکی نەبیستراو چیە؟، و با بپرسم ئایا هونەرمەندان ئەگەری توشبوونیان بە گرفت، ئالۆزی و تێکچوونە دەروونیەکانیان زیاترە؟
لەسەرەتادا هونەرمەندانیش؛ چونکە مرۆڤن ئاساییە و ئامادەباشی ئەوەییان هەیە کە دووچاری کێشە، تێکچوونە دەروونیەکان ببن، هەرچەندە مەرج نیە هونەرمەند لەڕووی دەروونیەوە ناساغ بێت، هەیە زۆریش دەروونددروستە، بەلام زۆرێک لە وێنەکێشە بەناوبانگەکان کێشە و پەشێوی دەروونیان هەبووە.
کە شێوازی بیرکردنەوە و هەستەکانیان لەکارە هونەریەکانیاندا بەدەرخستووە، وەک (بێرنارد بوفێت، ئێدڤارد میونخ..هتد) ئاماژەیان بەوە داوە کە کارەکانیان ڕەنگدانەوەی خەمۆکیان بووە.

بێگومان وێنەکێشان، دەروونناسان، و کۆمەڵناسان بۆ ماوەی (٢٥٠) ساڵە باس لەم بابەتە دەکەن بێ ئەوەی بتوانن بگەن بە ئەنجامێکی جێگیر و روون. وەک تاوانناس و پزیشکی دەروونی سیزار لۆمبرۆسۆ (١٨٣٦_١٩٠٩)، تیۆری ئەوەی داهێنا، کە بلیمەتی هونەری جۆرێکی دیکەی نەخۆشی دەروونیە. هەروەها لودویگ ئەوە دەخاتە ڕوو کە هەبوونی نەخۆشی دەروونی کاریگەری لەسەر بەهرەداری هونەرمەند هەیە.

لەکاتێکدا ژمارەیێک لە هونەرمەندان خۆکوژیان ئەنجام داوە، لەبەر ڕەتکردنەوەی کارەکانیان بووە یان دووچاری خەمۆکی بوون، هەندێکیشیان پێشینەی نەخۆشی و تێکچوونی دەروونیان هەبووە.
لێرەدا دەمەوێت هەندێک لە بایۆگرافی ئەو وێنەکێشانەی ناڕێکی دەروونیان هەبووە ، یان باری دەروونیان لە تابلۆکانیان ڕەنگی داوەتەوە بۆ بخەمەڕوو:

**فرانسیسکۆ گۆیا ( ١٧٤٦_١٨٢٨)**




دووچاری نەخۆشییێکی جەستەیی دەبێت وەک تایی بەرز، هەوکردنی مێشک کە لەگەڵیدا وڕێنەی دەکرد.

لەکاتێکدا چاک بوویەوە بەڵام خەمۆکی و هەڵچوونی سۆزداری هەر مابوو بۆیەش کۆمەڵێک لە زنجیرە تابلۆی کێشا کە دەربرینێک بن بۆ هەستەکانی و ئەو نەخۆشە دەروونیانەی وەک ئەو بەدەست ئەم نەخۆشیەوە دەناڵێنن لەژێ ناونیشانی:


( disparates یاخود Los proverbois) ساڵی (١٨١٥)ز بۆ (١٨٢٤)ز. کە هیچ کام لە ئەم کارانەی لە پێشانگادا نیشان نەدا و (٤٠) ساڵ پاش مردنیشی ئینجا بڵاوکرایەوە.
ڤینسنت ڤان کۆخ (١٨٥٣_١٨٩٠) چەند جار ڕووبەڕووی شەپۆلی خەمۆکی و دۆخی خۆبەزلزانی و هەلوسەکردن بووەتەوە. هەرچەند کە گریمانە و بیردۆزی زۆر هەیە لەسەر مردنی، بەڵام باوترینیان ئەوەیە کە خۆی کوشتووە. لە تابلۆکانیدا مەیلی مەرگ زۆر جوان بەدی دەکرێت.
گۆڕستان لەکاتی باراندا بەشێک، لە پۆست - ئیمپرێشینیستەکان بە ئەوە ناسراون وێنەکانیان ناڕێکی و ئالۆزییە سۆزدارییەکانیا دەربڕییوە، تاکە تابلۆیەکیش ئەمە زۆر جوان دەسەلمێنێت.



**(قیژەی) وێنەکێشی نەرویجی ئێدڤارد میونخە ( ١٨٦٣_١٩٤٤)، کە پیاوێکی بێچارە نیشان دەدات لە بێهیوایدا هاوار دەکات!**



بێرنارد بوفێت، کە بەدەست خەمۆکیەوە دەینالآند، لە تابلۆکانی بە کەسێکی خەمۆک باس لەخۆی دەکات:






# ئارام تیگران
# ئەو ئەرمەنییێ سترانا کوردی ڤەژاندی..

## چالاکڤان و وێنەگر (فۆتۆگرافەر) یوسف مزیری

هونەرمەندێ ناڤدار و نەمر، ئارام تیگران، ئێکە ژ وان هونەرمەندێن کو جهێ خوە دناڤ گرنگترین میۆزیسیانێت ڕۆژهەلاتا ناڤین دا کری و ل دەف گەلەک کەسان خوشتڤیە. ئارام تیگران، ئەو هونەرمەندەیە کو ل دەمێ هونەر پێشکێش دکری ب ئامێرێ جومبوش و میلودییێت وی دلێ مروڤان خوش دکر، ئەو سترانبێژ و ئاوازدانەرێ ئەرمەنی و میۆزیکا کوردی ب ئاوازو سترانێت خوە، دلێ هزارەها کەسان بدەست خوڤە ئینا ل سالا (١٩١٥)ز، سەردەمێ جینۆسایدا ئەرمەنیا، بنەمالا ئارام تیگرانی ل باژێرێ ئامەد ل بکورێ کوردستانێ بەرێ خوە دانە باژێرێ قامشلو ل کوردستانا ڕۆژ ئاڤا.






هونەرمەند ئارام تیگران، ل باژێرێ قامشلو ل سالا (١٩٣٤)ز ژدایکبوویە. ئارام تیگران ب ڕێکا بابێ خوە حەزا وی بو میۆزیکێ زێدەبوو و دەست ب چالاکییێت هونەری کرن، بابێ وی ل دەڤ ئەرمەنیا هوسا دهێتە نیاسین کو ڕزگاربوویێ کارەستا مەزن یا جینۆسایدا ئەرمەنیا بوو.

ئارام تیگران، د ژیێ نـ(٩)ـەهـ سالییێدا دەست ب ژەنینا ئامیرێ جومبوش کریە، تیگرانی ب زمانێ ئەرمەنی، کوردی، عەڕەبی، و یونانی ئاواز و سترانێت داناین و دەنگێ خو ب گوهێت زۆربەی نەتەوا گەهاندیە، هەر ژبەر ڤێ چەندێ هەوادارێت وی زێدەبوون و خوشتڤی بو ل دەڤ خەلکی پشتی سالا (١٩٦٦) ئارام تیگران چوو باژێرێ یەریڤانا پایتەختێ ئەرمەنستانێ، بو ماوێ (١٨) سالان ل ڕادیۆیا (یەریڤان)، کو ئێک بوو ژ وێستگەها گرنگ یا پەخش کرنا میۆزیکا کوردی کارکریە، و پشتی سالا (١٩٩٦)ز ل ئەوروۆپا درێژە ب کارێت خوە دا و پاشی ل ئەسینا پایتەختێ یونانێ ئاکنجی بوو، ل سالا (٢٠٠٩)ز ل شارێ دیاربەکر ل باکورێ کوردستانێ بەشداری د ئاهەنگا نەوروزێدا کر، پشتی وێ بەشداریکرنێ ب سەختی نەخوش دکەڤیت و بو چارەسەریێ بو نەخوشخانا ڤان گێلیسموس ل ئەسینا هاتەڤەگوهاستن ئەو هونەرمەندێ بناڤ و دەنگ ل ٨ـی ئابا سالا (٢٠٠٩)ز. پشتی چەندین سالان خەباتا هونەری ئارامێ تیگران ب ئارامی و بۆ هەتا هەتایێ چاڤێت خو گرتن و وەغەرا داوییێ کر، ئارام تیگران بابێ سێ زارۆکان بوو، بریاربوو لسەر وەسیەتا وی ل دیار بەکر بهێتە ڤەشارتن لێ ئەو ب زیندی و مری مەترسیە بو سەر دوژمنێن کورد و ل بروکسل هاتە ڤەشارتن. دوماهیک، ئارام تیگران ب گشتی (١٤) ئەلبۆم بەلاڤکرینە (٢٣٠) سترانێن کوردی هەنە، و (١٥٠) عەڕەبی و سریانی و(٣٠) سترانێت ترکی و(٧) زازاکی و(٨) یونانی تومارکرینە.



## چالاکڤان و شێوەکار/ سافیا یەشار

## تابلۆییێت مـــــــن!

تابلۆیا من تابلویەکا شاعیرانە د دلێ کوردستانی، ئەڤ تابلۆیە یێ جوانە وەک بەرپەڕەکێ شعریە، کو ب ڕەنگان نڤیسیە، دیمەنەکێ سروشتی زۆر خوەشە، کو ڕۆحا کوردستانێ و جوانیا سروشتێ ئەڤێ خاکا پیرۆز تێدا ڤەدگێریت، من ب سەرەدەریەکا گەلەك جوان و تە کنیکەکا پیشەیانە شیایە دونیایەکا تازە ب دەست ڕەنگان دروست بکەم. چیا شکودارە - نیشانا هێزو بلندییێیە.

ل پشتا تابلۆییێدا چیایەکی مەزن و بلند هەیە، کو وەکی پاسەوانەکێ یە ب سەر دیمەنی دا دهێت. ئەڤ چیایە ب شکۆمەندی و بلندی تایبە تی هەیە، کو ب چیا ین کوردستانێ دچیتن، ل ناڤەڕاستا تابلۆیێ دا دەشتەکا فرەه وڤەکری هەیە. ئەڤ دەشتە نینەرێ خاکا پیرۆز و نشتیمانەک ل قەهوەییێ نایاب و سور و شین پێکهاتیە. ڕەنگ ب شێوەکێ جوان تێکەل بووینە، کو هەستا گەرمێ پاکی دەرپێخیت. من ب کارتێکرنا ڕەنگێ زەر و پرتەقالی هەستێ خۆرا کوردستانێ و گەرمییا ئەڤی خاکێ پیرۆز تێدا ڤەگێرایە. ل بەشێ خارێ یی تابلۆیێ دا کومەکا مەڕان هەیە کو دەوروبەری جوکێ یان ڕوبیاری کوم بوینە. ئەڤ مەڕو نینەرێ ژیانا سادە وپاکیا کوردانە.

من ب هشیاری و جوانی توشیێ مەڕن کێشایە، ڕەنگێن سپی و قەهوەیی و پرتەقالی'ینە و هەر ئێکی حالەتەکێ جیاواز هەیە. هندەکا سەرێ خوە بلند کریە و ل دەوروبەرێن خوە تەماشە دکەن و هندەکێن دیژی ب ئارامی گیایی کەسدخون.



دەستەیا سەرەکی یا گۆڤارا ڕۆژا مە، ل دهۆکێ جڤیان!



دناڤ جڤینێدا؛ ڕۆژنامەنڤێسان تیشك هاڤێتن لسەر (مژارێن ئەڤرۆ یێن كاریگەرییەك نەرێنی كرییە لسەر نها و ئایندەی و چەوانییا ڕوونكرنا وان تاڵییێن تاری بۆ سیبەرەك ڕوون ئیناتی).

هەروەسان، جڤات د ئەوێ باوەڕێدابوون، كو تاكە تەوەر یێ دنهادا ئەم بینن سەر زمان و بكن لاپەڕەیەك دیرۆكی یێ گۆڤارێ "نە ڤەگۆهاستنا ڕوویدان و بوویەرانە! بەلكو هەڵسەنگاندنا ئەگەرێن سەرهلدانا بوویەر و ڕووینداںان و چەوانییا سەرهلدانا وان ل دەمێن جێوازدایە ".

دیسان، جڤاتێ ئەو یەك ئانی سەرباس، كو ل ڕۆژهەلاتا ناڤین، ل ئەڤان دەماندا یێ تەمەن و قۆناغێن خوە یێن ژیاری د چەرخەكێ تیرۆریدا دبورینت، لەوڕان باشترە ئەم كورد هایداری وەلاتێن دەردۆر ببن و تایبەتی وان تێگەهێن نەمرۆڤی یا بسەر هزرا مرۆڤایەتییێدا دهێت، ل ئەڤی چەرخی و نەكەڤنە ل ژێر كاریگەرییا بیرۆكە و هزرێن وان.

R
O
J
A
M
E
MAGAZINE



ڕاگەهاندنا دەستەیا گۆڤارا ڕۆژا مە

**28.7.2025**




## چالاکڤان/ نەسرین بامەڕنی

### ئێک ژ باشترن فلمێت مێژوویی (the Good Father) :

ئەڤ فلمە بەحسێ خێزانەکا مافیا دکەت، ئەڤ فلمە ل سالا (١٩٦٩)یێ هاتیە نفێسین، کو ژ دوو پارچا پێک دهێت، هاتیە بەرهەم هێنان ژ لایێ دەرهێنەر (فرانسیس فورد). ئەوی دگوت: "ئەگەر ئەز ڤی کاری بکەم دڤێت بو هەردەم ئەڤ فلمە د سینەمایێ دابیت". ئەڤ فلمە بەحسێ ژیانا مافیایان دکەت و داکو

یاسایێ د بەرژەوەندیا خودا ب کاربینن. پارچائێکێ ل سالا **(١٩٧٢) هاتیە** بەلاڤ کرن. و ئەکتەرێ سەرەکی یێ ڤی بەشی (مارلون براندو) بوو. ئەوی ڕۆڵەکێ باش گێرابوو، هەروەسا، ئێک ژ باشترین-کارێت وی بو. بێت ژیانا هۆڵیۆدێ و بو ڤی کاری خەلاتێ ئوسکار ب باشترین ئەکتەر وەرگرت. پارچادوویێ ل سالا **(١٩٧٤)ز هاتە** بەلاڤ کرن، ئەکتەرێ سەرەکی (ئال پاتچینۆ) بوو. کو بەحسێ زەمانەکێ جیاواز دکەت و بەحسێ زارۆکەکی دکەت، کو پێکولا ب دەست فەئینان دەستهەلاتێ دکەت. ئەڤی فلمی سەرکەفتنەکا مەزب ب سەرسینەمایێ دائینا ژبەرکو ئەو ڕۆڵ و زارڤەکرییا ل وی فیلمیدا هاتی بکارئیناتن نەبتێ ئێکەم جار بوو ل دیرۆکا سینەمایێ دا، بەلکو تانها سینەمایا ئەڤرۆ وەکو ژێدەرەکێ یە بۆ فێرکرن و زارڤەکرنا کارێکتەران. دیسان ل مالپەرێ (**IMDB**) ب باشترین فلمێ مێژوویێ هاتە دانان ئێک ژ پربینەرترین فلمێن مێژوویە.











# چالاکوان: خەندە وێردی

پیشەی وێنەگری:

ساڵانێکە حەز و خولیای وێنەگرتنم هەیە و لە سەرەتادا بە مۆبایل کاری وێنەگریم دەکرد، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٧)ـەوە کە بووم بە ئەندامی گروپێکی فۆتۆگرافی بە کامێرای فۆتۆگرافییەوە وێنە دەگرم ، وێنەکانم زیاتر نیشاندانی سروشتی جوانی کوردستانە و لە چەندین پێشانگای ناوخۆیی و دەرەوەشدا بەشداری پێ کردووە.

وەک خانمێک ئەرکی کردنەوەی یەکەم پێشانگای فۆتۆگرافی تایبەت بە خانمانی هەرچوار پارچەی کوردستانم لە ئەستۆ گرت لە ساڵی (٢٠١٩)ـدا، بە ئامانجی ئەوەی خانمان زیاتر بێنە ناو بواری وێنەگری و هاندانێک بێت بۆیان، خۆشحاڵانە تا ئێستاش بەردەوام و لە بۆنە و ئاهەنگە تایبەتەکان و چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکانیشدا وێنە دەگرم و لە ئێستادا بەرپرسی ڕاگەیاندنم لە ڕێکخراوی شار بۆ گەشەپێدانی مرۆیی.


Xanda werdy



وێنە ژلاییێ/ ئیمان بامەڕنی



## ئەندازیار و گرافیک دیزاینەر:
# زەهرا سەمەد مەلاعەبد




**ئەوەی لە دیزاینەکەتدا نایبینن، ئەوەیە کە جیاوازت دەکات!**

لە درێژەی ئەرکە پیشەییەکاندا، چەندین ڕوانین، بیرۆکە و شێوازی کارکردن هەن کە نەک تەنها کار لە ژیانمان دەکەن، بەڵکو بە تەواوی دەبنە بەشێک لە ڕووتینی ژیان.

پیشەی گرافیکی یاخود (گرافیك دیزاین)، لە ئێستادا بەهێزترین و سەرکێشترین پیشەی ڕۆژانەی مرۆڤە کە داهات و بژێوییەکی باش، هاوکات، کاتێکی زۆر و گونجاو بە کارەکەی لەلایەن بەکارهێنەرانەوە پێی دەدرێت، بە تایبەت وەک چەکێکی بەهێزی میدیایی!.

زەهرا سەمەد؛ ئەندازیار، نووسەر، ڕاگەیاندنکار، شێوەکار و گرافیك دیزاینەرێکی جیاوازی ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانە کە لە نێو ئەو کارە پڕ لە هونەر و ئەدایەدا، وەک بەکاربەرێکی پیشەیی لە پیشەی گرافیکی، خاوەن بەهرە و لێهاتووی خۆیەتی. هەروەها، لە جیاوازی کارکردنەکەیەوە، توانیویەتی بۆشاییەکی زۆرباش لەو بوارەدا پڕبکاتەوە و بە هونەرەکەی زیاتر دابڕژێتە نێو دنیای گرافیک و هونەری ڕەنگەکان.

هەروەک، لە بەشێکی قسەکانیدا دیارە، کە لە چاوپێکەوتنێکی بۆ گۆڤاری (ڕۆژا مـــە)دا، دەڵێت: "لە ناوەڕۆکدا، دیزاین، بریتییە لە پردی نێوان کێشەیەک و چارەسەرێکی مانادار، کە بە شێوەیەکی بینراو دەگێڕدرێتەوە، بۆ من مەبەستێکی بینراوە و نووسینی چیرۆکێکی بێ دەنگە."

زێدەتر، لە بەکارهێنانی تەکنیکی کارکردندا و چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی کەسایەتیی پیشەیی خۆی، دیزاینەر دەڵێت: "دیزاین؛ ستراتیژییەت لەگەڵ داهێنان'دا کۆدەکاتەوە و بۆ من شوێنێك و هەستێکە کە دەتوانم وەك زانایەک بیربکەمەوە، وەك هونەرمەندێك هەست بکەم و وەك بیناسازێك مامەڵە بکەم. واتە، ئەو سیحرەیە کە من بەدوایدا دەگەڕێم، هەر جارێک کە فایلێکی نوێ دەکەمەوە."هەروەها، کاری گرافیکی بەدەر لە هەبوونی لێهاتوویی و کارکردنی بەردەوام لە دامودەزگا حکوومی و تایبەتییەکاندا، پێویستی بە کاتێکی زۆر گونجاو هەیە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، لە وەڵامی پرسیاری ئاخۆ (بەهرە یان فێربوون، کەسێک دەکاتە گرافیک دیزاینەر؟)دا، ئەندازیار زەهرا، گووتی: "ئەم پرسیارە جێی سەرنجە!، لە ڕاستیدا، هەردووکیان گرنگن. بەهرە، سەرەتایەکە بۆ بوارەکە و بەهرەمەند هەستێکی بەهێزی هەیە و جوان بینە، هاوسەنگی ڕادەگرێت لە نێوان پێکهاتەکان و ڕەنگەکان. بەڵام فێربوون، بناغە و پرۆسەیەکی ڕاستەقینەیە. دەتوانین بڵێین، هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، لەبەر ئەوەی گرافیك دیزاین، پیشەیەکە لەسەر بنەمای کارامەییە، پیشەگەر پێویستە بنەماکانی دیزاین، ئامرازەکانی دیزاینکردن، تایپۆگرافی، تیۆری ڕەنگ و براندینگ بزانێت و بەهرەکەش هەموو ئەمانەی بۆ ئاسان دەکات. چونکە بەهرە توانایە، بەڵام فێربوون هێزی تواناکەتە."

ڕۆژا مــە؛ بە دەرفەتی زانی و ڕاستەوخۆ ویستی جیاوازی کارەکانی دیزاینەری ناوبراو بزانێت و لەنزیکەوە هەڵسەنگاندنێک بۆ ئاستی پیشەییان بکات، زەهرا وتی: "ئەمە پرسیارێکە کە هەموو دیزاینەرێک دەبێت ئامادەبێت بۆ وەڵامدانەوە!، جیاوازی کارکردنی بەندەش دەوەستێتە سەر چەند خاڵێک کە ئەمانەن:

- دووركەوتنەوە لە زۆرباشبوون و نزیکبوونەوە لە ماناداری و بیرۆکەی سەرەکی.

- دیزاینێکی ئامانج-بزوێنەر نەک ڕەوت-بزوێنەر.

- ڕێکخستنی ستراتیژیەت و ئامانجێکی ماناداری ڕەسەن.

- تێکەڵکردنی هزری دیزاینەریم بە چاوانی بینەرەوە، وەک هاوسۆزی، بەوەی ئەمە بۆ کێیە؟، هەستیان چییە؟، و چی بکەم تا لە یادگەیاندا بمێنێتەوە؟.

- چۆنیەتی دروستکردن و دیزاینکردنەکە لە چەندایەتییەکە بە گرینتر دەزانم.".

بەڕاستی، لەم چەند وشە و دەربڕینانەدا سەرنجێکی زۆری گۆڤاری بۆلای خۆیدا کێشا و (ڕۆژا مــە)، بە پێویستی زانی بڕژێتە سەر دنیای مۆدێرن و سەردەمی دیجیتاڵی و ژیری دەستکرد، کە لە ئێستادا بەربڵاوترین ڕێگە بۆ کارئاسانی و نەهێشتنی پیشە کەسی'یەکان، دابین دەکات و مرۆڤ دووردەخاتەوە لە ئەرک و چالاکی.

دیزاینەر زەهرا سەمەد، دەڵێت: "لە جیهانی دیجیتاڵیی خێرا و پێشڤەچووی ئەمڕۆدا، کارکردن لەسەر چەمکە گرافیکییەکان، لە جاران گرنگترە و نەخێر، تەنها بۆ بەبازاڕکردن نییە، بەڵکو، لە ئێستادا کێبڕکێیەکی زۆر هەیە بۆ بینراوەکان و میدیایی بینراو یەکەمە، لە کاری میدیاییدا؛ پێویستە دیزاین تەنها بۆ بەبازاڕکردن نەبێت، بەڵکو چیرۆك بگێڕێتەوە. هەروەها، گرافیك دیزاین، بووەتە زمانێکی بینراوی بەهێز و بەبێ ئەم چەمکەش ناوەڕۆکی میدیا یەك ڕەهەند دەبێت و هەر زوو لەبیر دەکرێت و سەرلێشێواوی دروستدەکات."هەروەك، لە دنیای مۆدێرن و دیجیتاڵیدا، کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، چەند بابەتێکی هەستیار و دوو بەکاربەری هاتوونە ئاراوە بۆ کارکردن، بە تایبەت لە ساڵی (٢٠٢٥)ز'دا، دەنگۆیەکیش هەیە کە ئەڵێن تا (٢٠٣٠)ز'دا، هیچ کارێک نامێنێتەوە کە مرۆڤ بیکات، بەهۆی ژیری دەستکرد و ئامێرە زیرەکەکانەوە، بە تایبەتی پیشەی گرافیکی.

خاتوو زەهرا بە پێچەوانەی ئەو گریمانەوە بیردەکاتەوە و لەم بارەیەوە ئێژێ: "نەخێر، ژیری دەستکرد کاری گرافیك دیزاینی لاواز نەکردووە، بەڵکو گۆڕانکاری تێدا کردووە. هاوکات، ئەم پرسیارە، ڕەنگە نیگەرانی لای هەندێك لە دیزاینەران دروست کردبێت، بەڵام من گەشبینم و پێم وایە، دۆخێك نایێتە پێش کە هەڕەشەی نەمانی گرافیك دیزاینەران بکات، بەڵکو پەرە دەسێنن و کێبڕکێی دیزاینەران تا دێت زیاتر و زیاتر دەبێت."

لە کۆتاییدا، (ڕۆژا مــە)، بە پێویستی زانی، کە لە ڕێگەی ئەزموونی چەند ساڵەیی و خزمەتی گرافیکیی ناوبراوەوە، چەند ئامۆژگارییێک بۆ ئارەزوومەندانی ئەم بوارە بنێرێت و لەم ڕوانگەیەشەوە، زەهرا سەمەد، گووتی: " کە هەنگاو دەنێیت بۆ دونیای گرافیك دیزاین، پێشنیار دەکەم سەرەتا فێری بنەماکانی دیزاین بیت نەك ئامرازەکان (بەرنامەکان)، چونکە ئامرازەکان دەگۆڕدرێن بەڵام بنەماکان نا!!!، و ڕۆژانە ڕاهێنان لە شتی بچووك و سادە دەستپێبکە، وەلێ گەورە بیربکەرەوە.".

وەک گۆڤاری ڕۆژا مــە، هیوای سەرکەوتن و پێشڤەچوونی زیاتر بۆ خاتوونی ئەندازیار، نووسەر، ڕاگەیاندنکار، شێوەکار و گرافیك دیزاینەر (زەهرا سەمەد مەلاعەبد)، دەخوازین و پاڵپشتی لەو هێزە و خولیایەی دەکەین.

چاوپێکەوتن: چالاکڤانی سیاسی و ڕۆژنامەنووس: زۆزان تقی الدین - گۆڤاری ڕۆژا مـە ٨ی تەمووزی ٢٠٢٥







## چیرۆکنڤیس و زمانزان
## نەرمین حسێن

## ڕاڤەکرنا وێنەیەکێ فۆتۆگرافەری

## پیرەژنا مرۆڤ خوەر

ل ئێڤارییا هاڤینا سالا (٢٠٢٢)یێ، تیمەك ژگۆڤارا ڕۆژا مـە، ژبۆی کارەك فۆتۆگرافی، بەرەڤ ناڤ چیا و نهالێن سروشتێ کوردستانێ ب ڕێککەڤتن ب مەبەستا زیندیکرنا ئەڤسانەکا کوردەواری.
ئەو ئەفسانە چیرۆکەکە دناڤ فۆلکلۆرێ کوردیدا، ژنەك بتنێ دناڤ ماڵەکێدا دژیت ل ناڤ سروشتی، ئەو ژنە نەیا سروشتی بی، ژبەرکو هەر چ مرۆڤێ گرتبا دگرت و پشتی هینگێ دکوشت و دخوار، لەوڕان ئەڤێ چیرۆکێ کارتێکرن هەبوو لسەر جڤاتا فۆتۆگرافی ل وی دەمی و لەوڕان ڕابوون ب زارڤەکرنا وێ ئەڤسانێ دناڤ ڕاستییێدا.
هەلبەت ئەڤ چەندە کارەکێ هندە ئاسان نینە، کو د ئەڤی سەردەمیدا تۆ کچە چالاکڤانەکێ بینی و مێك ئاپ بی ب جل و بەرگێن وێ ژنا مرۆڤ خۆر و جاردن ئەڤێ ئەڤسانێ زیندی بکی. بەلێ هەر چەوا بت تیمێ شیان نێزیکیەکێ د کارێ خۆە یێ وێنەگرتنێدا ئەنجام بدن، ئەوژی لدەما بتەمامی ڕۆژ ئاڤا بووی و بوویە شەڤ.
بەشداربووێن سەرەکی یێن ئەڤێ کارێ فۆتۆکرافی ( دلێر دلێرین، دلمان دهۆکیی، هەیسەم ڤالهالای)..



# Roj A ME

MAGAZINE 2025_2026 NO.11

